# دیمانەیەک لەگەڵ ڕەخنەگری سینەمایی ئیسپانی فرناندو پیریز
# سینەمای جیهانی بە قەیرانێکی گەورەدا تێدەپەڕێت

هەڤپەیڤین: عەمار عەبدولڕەحمان
و: پەسار فایەق




لەمیانەی چالاکییەکانی کۆنگرەی سینەمای مەغریبی- ئیسپانی کە ساڵی (٢٠٠٧) لە شاری مرتیل لە وڵاتی مەغریب بەڕێوەچوو، تیایدا فرناندو پیریز ڕەخنەگری سینەمایی و سەرۆکی کۆمەڵەی ڕەخنەگرانی سینەمای ئیسپانیا بەشداربوو، لە دیمانەیەکدا لەگەڵی چەند باسێکی "هونەری حەوتەم" خرایەڕوو.



دیمەنی فیلمێکی مەغریبی

*** بەو پێیەی کە ئێوە رەخنەگرێکی سینەمایین، دۆخی رەخنەی سینەمایی لە ئیسپانیا لە چ ئاستێکدایە، تا چەند ئامادەیی لە ئاراستەکردنی کاری داهێنانی سینەمایی هەیە؟**

– لە ئیسپانیا رەخنەی سینەمایی رۆژنامەوانی ئامادەبوونێکی زۆری هەیە، کە بە شێوەیەکی رووکەشی و بێ بەرامبەرییە لە راستییەکان، ئەمەش بۆ هۆیەکی ساکار دەگەڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی گۆڤارەکان لە لایەن بەرهەمهێنەرانی سینەمایی خاوەندارێتی دەکرێن، ئەو رۆژنامەنووس و رەخنەگرانەش کاتێک شتێکیان بۆ دەنووسن، ناتوانن یەک وشە لە دژی فیلمێکی دیاریکراو بنووسن، تەنانەت رەخنەگرە بێ لایەنەکانیش چاودێرییەکی زۆر لە سەر نووسینەکانیان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادییەکی تەواو بنووسن، تەنانەت زۆربەشیان ئاگاداری ئەلفو بێی زمانی سینەما نین وەکو سیمیولوجیا و پێکهێنان...نزیکبوونەوەیان بەشێوەیەکی گەورە بەرەو ناوەرۆک دەچێت و نووسینەکانیان نمایشین. رەخنەی ئیسپانی زۆر هەژارە.

*** گۆمانی تێدا نییە کە سینەمای ئیسپانی لە درێژەی رێچکەی خۆیدا زۆر ناوی گەورەی بەرهەمهێناوە، بەڵام هەمان رای منت نییە کە سینەمای ئیسپانی لەم ساڵانەی دوایی بەرەو دواوە چووە؟**

– لە ئیسپانیا ژمارەیەکی زۆری دەرهێنەرە سینەماییەکان لە نەوە جیاجیاکان هەن، بەڵام زۆربەیان بۆ بەناوبانگ بوون دەژین لەوەی بۆ سینەما، جۆرێک لە نەزۆکی لە کاری داهێناندا هەیە. زۆرێک لەو ناوانە ناوداریان ویستووە، بۆیە دوای ساڵێک لە نمایشکردنی فیلمەکە، خراپی و

رووکەشی ئەو فیلمەمان بۆ دەردەکەوێت.

*** کەواتە کێشەکە لە کوێیە؟**

- پێم وایە ئەمە تەنها ئیسپانیا ناگرێتەوە، سینەمای جیهانی بەگشتی بە قەیرانێکی گەورەدا تێدەپەڕێت، بۆ نموونە فیلمی ئاست بەرزمان لە فیستیڤاڵی سینەمایی "کان" لە هی هەموو وڵاتان دەبینی، بەڵام ئێستا شتەکان گۆڕاون و فیلمە باشەکان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن.



*** ئەی سەبارەت بە جەماوەر، ئایا جەماوەری ئیسپانی وەفایان بۆ هۆڵەکانی سینەما ماوە؟**

- نەخێر بەداخەوە، هۆڵەکانی نمایش لە لای خۆیەوە دووچاری قەیرانێکی بونیادی بۆتەوە، بۆتە شتێکی ئاسایی کە بەیانی لە خەو هەڵسین و ببینین کە هۆڵێکی سینەمایی داخراوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی لۆژیکییە. خاوەن ئەو هۆڵە سینەماییانە، ئەم هۆڵانە دەکەن بە چەند هۆڵێکی بچوک و لە یەک کاتدا چەندین جۆری فیلم نمایش دەکەن.

*** ئیسپانییەکان هیچ شتێک لە بارەی سینەمای مەغریبییەوە دەزانن؟**

- وەکو خۆم نەخێر، دەکرێت بۆ ئیسپانییەکانیش هەمان شت بێت، لەبەر ئەوەی فیلمە مەغریبیەکان لە لای ئێمە نمایش ناکرێن و کەم جار لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی نمایش دەکرێن. جێگەی داخە کە ئێمە دراوسێین و لەبارەی سینەمای یەکتر شارەزاییمان نییە، بەرای من دەبێت فیستیڤاڵ و ڕێورەسمی سینەمایی هاوبەش لەم لاو لەو لا سازبکرێت، چارسەرکردنی کێشەی وەرگێڕان یان ژێرنووس بۆ فیلمەکان لێپرسراویەتی هەردوو لایە و دەبێت لایەنە فەرمییەکانی ئەم دوو وڵاتە لێی بەرپرس بن.

*** ئەو تێبینییەی لە سینەمای ئیسپانی دەکرێت، لە هەمان کات لە سینەمای ئەورووپی و ئەمەریکی دەکرێت، بەوەی کە "ئەوەی دیکە" بە شێوەیەکی نێگەتیڤ دەخاتە روو و نیشان دەدات، ئەوەی کە (لەودیو لێوارەکانەوە هاتووە)؟**

- ئەمە ڕاستە. زۆربەی فیلمە ئیسپانییەکان نوێنەرایەتی ئەوەی دیکە دەکات. ئەم بڕیارەش پێشوەختەیە. داهێنەرە سینەماییەکان لەگەڵ پێشنیارە گشتییەکان و جەماوەرییەکان دەچن، ئەگەر هەڵەش بێت، ئەوەشیان بیرچۆتەوە کە ئەوەی دیکە زۆر شت بۆ وڵاتەکەی خۆیان دەکەن لە پیشەیەکدا کە ئەوان ناتوانن کاری تێدا بکەن، بەڵام شەپۆلێکی کۆچبەران لێهاتوویی هونەری و فیکری خۆیان نیشان دا و دەستی بەچاککردنەوەی وێنەکە کردووە، شتەکانیش لە داهاتوودا چاکتر دەبن.

سەرچاوە ئینتەرنێت

www.doroob.com